چواردە کەس لە باکووری کوردستان دەستگیرکراون بە گومانی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە

لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسایشی تورکیا لە مەرسین، 14 کەس بە گومانی پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیر کران.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای مەرسین لە باکووری کوردستان، هێز ئەمنییەکانی ئەو شارە ئۆپەراسیۆنەکیان بە ئاشکراکردنی شانە نهێنییەکانی پەکەکە/کەجەکە دەست پێکرد.

لەو چوارچێوەیدا، هێزە ئەمنییەکان ئەو کەسانەیان دەستگیرکرد کە هەوڵێکی ڕێکخستنی کەبوونەوە، گردبوونەوە، پێوپاگەندە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکان دەدەن.